www.kurdistannet.org
01/04/2002 00:53

لە دیفاع کردن لە حەمە سەعید حەسەن دا!

فەتاح مەمەند

ڕۆژی ٣١ی مانگی سێ ٢٠٠٢ لە ژووری کوردستان ڕیفراندۆم دا بووم کە کەسێك هاتە ژوورەوە بەناوی حەمە سەعید حەسەن کە ئەدرەسی سایتێکی خستە ناو ژوورەکەوە، کە خوێندمەوە پڕبوو لە جنێو دان بە حەمە سەعید حەسەن ئینجا زانیم کە ئەو کەسە حەمە سەعید حەسەن نییە بەڵکو کەسێکی ترە.

ئەم جۆرە کارانە کە بە هۆی ئەنتەرنێت و پاڵتۆکەوە ئەکرێت، واتە هێرش کردنە سەر خەڵکانی ناسراوو و ئاشکرا لە لایەن کەسانی نەناسراوو مەخفییەوە کارێکە بۆ تیرۆر کردنی شەخصیەتی مرۆڤەکان و کارێکی ناشیرین و ناقانوونییە وە بە تەواوی مەحکوومە و ئەبێت ڕیسوا بکرێت.

ئێستا حەمە سەعید حەسەن قوربانییە وە ئەبێت بە هەموو شێوەیەك دیفاعی لێ بکرێت لە لایەن هەر لایەن و مرۆڤێکی ئازادی خوازەوە.

کەنەدا

March 31، 2002

©Kurdistan Net